لە دۆسیەی دادگاوە

ئامادەکردنی : پارێزەر ئارام برادۆستی

# لە کۆتایی، فێڵەکانی (بنار)ی ساختەچی ئاشکرا بوون



چەند جارێك دەبینرا پیاوێکی بە سالاچوو لە بەردەم دەرگای دادگا دادەنیشت و هەر کاتێ بانگ دەکرایە ژوورەوە بەزەحمەت خۆی دەگەیاندە بەردەم دادوەر، پۆلیسی بەردەرگاش جاربەجار هاوکاری دەکرد و دەیگوت: مامە گیان باشتر وایە پارێزەرێك بۆخۆت بگریت. مامە گیانیش لەوەڵامدا دەیگوت: لەمامت نەکەوێت پارەی پارێزەر لەکوێ بێنم؟ دەبێت پارێزەرێکیش هەبێت بێ بەرامبەر بەرگریم لێ بکات لەرێگای خودا ؟ باوەڕ بکە بە جۆرێك لەوانەیە بۆی بنووسرێت بە چوونێك هەیە بۆ ماڵی خوا.

(مام خدر) تەمەنێکی تەواوی ژیانی بەڕێکردووە بەلام زۆر بەپاك و خاوێنی دەبینرا و هەمیشە هەست بەوە دەکرا زکرو وردی خوا دەکات و بەزۆری دەیگوت (سبحان الله) و لەبەردەم دادگادا دەیگوت دەك خێر لەخۆت نەبینی بەم سەرو تەمەنە بۆمنت هێنایە دادگا،هەی بێ ویژدان. لەدوای بانگکردنی ئەویشدا پۆلیسی دادگا بانگی ئافرەتێکی کرد و دواتر ئافرەتەکە لەدوای (مام خدر)چووە ژوورەوەو دەیگوت بەم تەمەنەی مام خدر کەچی دەیەوێت مافم نەدات و ئیتر تۆ چیت لەژیان ماوە بۆ مافی من نادەیت. دادوەر سەیری دۆسیەکەی کردو و رووی لەئافرەتەکە کرد و گوتی تۆ (بناری)؟ ئەویش بە بەڵێ وەڵامی دایەوە و دادوەریش داوای کرد دوپاتی داواکەی بکاتەوە لەبەردەم دادگا، ئەویش بەشێوەیەکی نارێك دەستی کرد بە ئاخاوتن و سەرەتا خۆی نەبێت کەس نەی زانی چی دەڵێت . دواتر دادگا داوای کرد بەهێواشی قسە بکات و چی داوا دەکات روونی بکاتەوە، هەر بۆیە جاری دووەم ئەوە لە وتەکانی بەدی کرا، گوایە (بنار) شووی بە (چاودێر)ی کوڕی (مام خدر) کردووە و کاتێك (چاودێر) بە هۆی کارەساتی ئوتۆمبیل کۆچی دوای کردووە (بناریش) دوای ماوەیەك گەڕاوەتەوە لای کەسوکاری و لەگەڵیان ژیاوە، بەلام بێبەشکراوە لەهەموو میرات و مافێکی کە هەیەتی لەسەر (چاودێر)ی کۆچکردوو بۆیە پێی وابوو دادگا دواین شوێنە کە ئەو پەنای بۆ بردووە و بەرلەوەش زۆر هەوڵیداوە بەرێگەی کۆمەلایەتی کێشەکە چارەسەر بکات. بەلام (مام خدر) ئامادە نەبووە کەمترین شتێکیش بدا بە (بنار) بەم شێوەیە بنار کۆتایی بە وتەکانی هێنا . دوای ئەوە دادوەر رووی لە مام خدر کرد و گوتی چی دەڵێی دەربارەی داواکارییەکانی (بنار)ی داواکار، ئەویش لە وەلامدا بە هێواشی دەستی بە قسەکردن کرد و ئەوە بەدیار کەوت، کە راستە بنارو چاودێر هاوسەری یەکتر بوونە بەلام

چاودێر بەرلەوەی کۆچی دوای بکات لەبنار جیابۆتەوە وە ئەوەی کەوتۆتە سەر چاودێر گەڕاندوویەتییەوە، بۆیە ئێستا (بنار) هیچ مافێکی بەسەر من و کوڕی کۆچکردووم نەماوە و ئەوەی بنار داوای دەکات جگە لە زێدەڕۆی هیچی تری نییە، لەم کاتەدا دادگا پرسیارێکی ئاراستەی (مام خدر) کرد دەربارەی بڕیاری دادگا کە بەهۆیەوە (چاودێرو بنار)ی پێ لەیەکتر جیابوونەتەوە، بەلام (مام خدر) لەوەڵامدا ئاماژەی بەوە کرد کە (چاودێر و بنار) لەبەرئەوەی گرێبەستی هاوسەریەتییان لەدادگا ئەنجام نەدابوو لای مامۆستای ئاینی مارەبڕابوون و هەر لای مامۆستای ئاینی هاوسەرێتیان کۆتایی پێهاتووە، هەرکاتێك دادگا پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا (مام خدر) ئامادەیە ئەم راستییە بە بەڵگەی کەسییەتی ئامادە بکات لەوەڵامدا (مام خدر ) وتی: بەڵێ ئامادەم بەلام دەبێت پێیان ڕابگەیەنن لەبەرئەوە دادگا بڕیاری دواخستنی دادبینیدا بۆ دانیشتنی تازەتر بۆئەوەی (مام خدر) شایەتەکانی لەبەردەمی دادگا ئامادە بکات.

کاتێك دادبینی تازەتر هاتە کایەوە و داواکار و داوالێکراو و شاهێدەکان لە بەردەمی دادگا ئامادەبوون ئەمجارەشیان دوای بانگکردنیان لە بەردەمی دادگا ئامادەبوون و دواتریش لەسەر خواستی داوالێکراو یەك بە داوای یەك وتەی شاهێدەکان وەرگیراو هەردووکیان ئاماژەیان بەوە کرد کە بەر لە کۆچکردنی (چاودێر) بە نزیکەی (٨) مانگ ( بنار و چاودێر ) لە یەکتری جیابوونەتەوە و هەر مافێکی بنار لەلای (چاودێر) هەبووبێت گشتی بۆ گەڕاندۆتەوەو کۆتاییان بە هەموو شتێکەوە هێناوە.

بەڵێ دوای تەواوبوونی شاهێدەکان لە وتەکانی خۆیان دادگا رووی لە داواکار کرد دەربارەی ئەوەی شاهێدەکان ئاماژەیان پێدا تا چەند راستە؟ لە وەڵامدا داواکار وتی: راستە ئێمە هاوسەری یەکتربووینە و لە یەکتری جیابووینەتەوە، بەلام دوای ئەو جیابوونەوەیە من لەگەڵ چاودێر پەیوەندیمان دروستبوەوە و چەندین جاریش لەگەڵ یەکتری چووینەتە دەرەوە! لە دوای ئەم وتەیەی بنار دادگا پرسیاری کرد دەربارەی چۆنیەتی چوونە دەرەوەیان و سەلماندنی ئەم هەڵسوکەوتەیان، لە وەڵامدا ( بنار) ئاماژەی بە کاتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ( چاودێر) و کاتەکانی چوونە دەرەوەیان کرد و وە وتی: ئامادەم ئەمە بە بەڵگەی کەسی بسەلمێنم!

دادگا بڕیاریدا گوێبیستی وتەی شاهێدەکان بێت، بەلام لەبەرئەوەی شاهێدەکان لەم کاتەدا ئامادەنەبوون دادگا بڕیارپیدا دادبینی ئەمجارەشیان دوابخات .

لە دادبینی تازەتر ( بنار ) بە خۆی و شاهێدەکانی ئامادەبوون و دادگاش وتەکانی شاهێدەکانی ( بنار ) وەرگرت، بەلام ئەوە نەبوو کە (بنار) چاوەڕێی دەکرد، چونکە لە وتەکانی شاهێدەکان ئەوە بەدیکرا راستە ئەوان کەسێکیان بینیوە لەگەڵ (بنار) هەڵسوکەوتی کردووە بەلام لە بەرئەوەی ماوەی هاوسەرێتی نێوان (بنار و چاودێر) کەمبووە ئەوان بە تەواوی ( چاودێر )یان نەناسیوەو و دڵنیا نین لەوەی کە ئەو کەسە (چاودێر) بێت، دواتر دادگا چەند پرسیارێکی ئاراستەی شاهێدەکان کرد دەربارەی تەمەن و شێوەو رووخساری کەسەکە، ئەوانیش بە گوێرەی بینینی خۆیان وەڵامی دادگایان دایەوە . دواتر دادگا داوای لە (بنار) کرد پشت بە شاهێدی تر ببەستێت ئەگەر بتوانێت بۆ سەلماندنی داواکەی کەچی (بنار) بە دەست بەتاڵی مایەوەو ئامادە نەبوو شاهێدی تر بێنێت. دوای بەڕێکردنی شاهێدەکانی (بنار) دادگا چەند پرسیارێکی ئاراستەی داواکار و داوالێکراو کرد دەربارەی تەمەن و رەنگ و رووخساری ( چاودێر)، دیاربوو ئەوەی شاهێدەکان دەیانگوت جیابوو، لەگەڵ ئەوەی لە لایەن داوالێکراو هەروەها داواکار دەبیسترا، بۆیە دادگا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ( چاودێر و بنار ) بەر لە کۆچی دوای ( چاودێ ) لە یەکتری جیابوونەتەوەو وە ئەو کەسەی ( بنار ) هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردووە نەسەلمێنراوە کە ( چاودێر ) بێت .

لەبەرئەوە دادگا بڕیاریدا بە رەتکردنەوەی داوای ( بنار )، لێرەشدا بە دەرکەوت کە (بنار ) هیچ پەیوەندییەکی هاوسەرێتی لەگەڵ (چاودێر)) نەماوە و لەبەرئەوەی مافی (بنار) هەمووی دراوە بۆیە هیچ مافێکی تری لە لای ( مام خدر ) نەماوە.

**تێبینی / ناوەکان خواستراون**


rawezhgovar@yahoo.com